# خودا... و... شەیتان.... و.... مەلائیکەت.... و... ئادەم

## هەندرێن حەمەدەمین

سورەتی البەقەرە، لە ئایەتی ٣٠ تا ئایەتی ٣٩

ئەو کاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی راگەیاند: من دەمەوێ بریکارێک لە سەر زەمین دیاری بکەم؛ گوتیان: تۆ کەسێ وا دێنی لەوێدا خراپە بکا و خوێن برێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟ گوتی: ئەوەی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نیە.(٣٠)

خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد. ئەوسا هەموو شتەکانی لەبەر فریشتەکان ڕانا و گوتی: ئەگەر راستی بۆ چوون، ناوی ئەوانەم بۆ هەلدەن. (٣١)

گوتیان: هەر تۆی لە کەمایەتی بە دووری؛ ئێمە بەدەر لەوەی کە تۆ فێرت کردوین، هیچ نازانین. هەر بۆ خۆت زانای کارزانی. (٣٢)

گوتی ئەی ئادەم! دەسا تۆ ناوی هەموو ئەوانەیان بۆ هەڵبدە. وەختێ ئادەم هەموو ناوێکی بۆ هەڵدان، گوتی: من بە ئێوەم نەووت کە هەر خۆمم هەر نهێنی لە عاسمانان و زەمین دان و هەرچی ئێوە وەیشێرن و بیدرکێنن، دەیانزانم؟ (٣٣)

فەرمانمان بە فریشتان دا، کڕنوش لەبەر ئادەم بەرن. غەیرەز ئیبلیس هەموویان سوژدەیان بۆ برد؛ ئەو کە خۆی بە زلتر زانی، سوژدەی نەبرد و سپڵە بوو. (٣٤)

گوتمان: ئادەم! خۆت و ژنت، لە بەهەشت نیشتەجێ بن و هەرچی لە هەر شوێنێ دەخۆن، نۆشی گیانوو؛ هەر تخوونی ئەو داری {هانا} مەکەوون؛ چون {بەم کارە} لە ناهەقیکاران دەبن. (٣٥)

شەیتان هەڵی خەڵەتاندن و لە بەهەشت دەری پەڕاندن. گوتمان: داوەزنە خوارەوە، خۆتان دوژمنی خۆتانن؛ تا ماوەیێ دیاری کراو، لە سەر زەمین ڕای ببوێرن. (٣٦)
ئادەم لە پەروەرندەی ڕا چەند وشەیەکی پێ گەیشت. ئەوسا تۆبەکەی قبووڵ کرد. هەر خۆیەتی لە پەژیوانان دەبوورێ و دلۆڤانە. (٣٧)

گوتمان: گشتوو لە بەهەشت بڕۆنە خوارێ؛ ئەوسا ئەگەر لای منەوە ڕێنوێنییێکتان بۆ هات، ئەوانەی بکەونە شوێنی ڕێنوێنیم، نە لە هیچ شتێ دەترسن نە خەم دەخۆن. (٣٨)

هەر کەسانیش خۆیان تووشی هەڵەکەن و لە نیشانەکانی من حاشایە بکەن؛ دەبن بە یاری ئاگر و هەتا سەر هەر تیا دەبن. (٣٩)

٢٥ (هانا):ا } پەنا، لەبەرپاڕانەوە بۆ دادپرسین؛ ئاوها، ئەوجۆرە. داری هانا: داری قەدەغەی بەهەشت بۆ ئادەم.
دلۆڤان: خاوەن بەزەیی.

خوێندنەوەی ئەم ئایەتانە چەندین پرسیاری گرینگمان ئەخەنە بەر چاو کە پێویست بە هەلوێستە کردن هەیە، وەک ئەو ئایەتانەی لە سورەتی (ص) دا خوێندمانەوە.
ئەلێرەش بە هەمان شێوەی ئایەتی (ص) دیار نیە کە کێ قسە بۆ کێ ئەکات ئایا خودا قسە بۆ محمد ئەکات یان محمد قسە بۆ کەسێک ئەکات.
لەم ئایەتە کە خودا ئەلێ من دەمەوێ بریکارێک لە سەر زەمین دیاری بکەم، ئەوا بڕیارێکە خودا داویەتی نەوەک پرس پێ کردن، کەچی مەلایکەتەکان لە جیاتی ئەوەی کە راستەوخۆ رەزامەندی لە سەر ویستی خودا دەربڕن،ئەوا دێن بە پرسیار کردن خودا ئاگادار ئەکەنەوە لەو کارەی کە دەیەوێ بیکات (تۆ کەسێ وا دێنی لەوێدا خراپە بکا و خوێن بڕێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟ ). ئەوە پرسیارێکی سەیرە! نازانم مەلایکەتەکان بۆ ئەو پرسیارە لە خودا ئەکەن، چۆنیان زانی کە ئەو بریکارەی خودا خراپە ئەکات؟ ئایا مەلەیکەتەکان (غەیبیان) هەیە؟ یان چگە لە خودا کەسیتر (غەیب) نازانێ، ئیسلام وامان فێر ئەکات کە چگە لە خودا کەسیتر (غەیب) نازانێ، ئەی چۆن مەلایکەتەکان (غەیبیان) زانی؟ چۆن زانیان کە ئەم بریکارەی خودا خراپە ئەکات و خوێن ئەرێژێ؟ لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە دەبێ بپرسین بۆ مەلایکەتەکان راستەوخۆ گومانیان لەم بریکارەی خودا پەیدا کرد؟ چۆن ئەکرێ مەلایکەتەکان پێیان وا بێت کە بریکاری خوا خراپە ئەکات و خوێن ئەڕێژێ؟ هەر چەند قسەکەشیان راست دەرچوو ئەم بریکارەی خودا دواجار خوێن رێژ دیرجوو و خراپەی کرد! بەلام دیقەتی ئەوەتان داوە کە هەر لە سەرەتا خودا بڕیاری ئەوەی داوە کە ئەم بریکارەی خۆی بنێرێتە سەر زەوی، واتە بەر لەوەی کە شەیتان نەفرەتی لێ بکرێت و بەر لەوەی کە شەیتان ئادەم و حەوا فریوو بدات و لە بەهەشت بەدەریان کات خودا بڕیاری خۆی داوە کە ئادەم و حەوا بنێرێتە سەر زەوی، واتە بڕیاری سزادانی ئادەم و حەوا بەر لە هەلەکردنەکەیان دراوە، بەر لەوەی کە ئادەم و حەوا بە قسەی شەیتان فریوو بخۆن، خودا فەرمانی خۆی داوە بە ناردنی بریکاری خۆی بۆ زەوی.
لە هەمان کاتدا چۆن ئەکرێ مەلایکەتەکان (عبادەتی) خودا بە رووی خودا بدەنەوە وەک لەم پرسیارکردنەیان دیار ئەکەوێت (کەچی ئێمە شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟ ) وەک ئەوەی خودا ئەوە نەزانێ! زۆر سەیرە ئەو هەموو باس و گفتوگۆیە بۆ لەگەل خودا ئەکرێت لە لایەن مەلایکەتەکان، چۆن ئەکرێ مەلایکەت شت بەبیر خودا بێنێتەوە یان بۆچوونی جیاوازی هەبێ یان رەخنە بگرێت یان پرسیاریش بکات !!!! دە ئەوان مەلایکەتن نەوەک مرۆڤ هەتا گومانیان لە گەورەیی و راستی و دروستی و زاینی خودا هەبێ، وەک ئەوەی ئێستا ئەبینین چۆن وا لە خودا ئەکەن کە پێیان بلێت ئەوەی من دەیزانم ئێوە ئاگاتان لێ نیە، نابێ لەلایەن مەلایکەتەکانەوە ئەم گومانە هەبێ، دەبێ تەواو دلنیا بن کە ئەوەی خودا ئەیزانێ ئەوان لێی بێ ئاگان و هەرهیز ناتوانن لە خودا باشتر یان وەک خودا شتەکان بزانن، بۆیە دەبوایە بەبێ هیچ گفتوگۆکردنێک و هیچ هەلوێستەکردنێک و هیچ بەلگە هێنانەوەیەک هەر هەموو مەلایکەتەکان باوڕیان بە خودا هێنابوایە و هەر یەکسەر گوتبایان کە ئەی خودای گەورە و زانا تۆ خۆت هەموو شت ئەزانیت و هەرچی تۆ ئەیکەیت ئێمە لێی بێ گومانین، یان بۆ خودا ئەو هەموو بینە و بەردەیە لەگەل مەلایکەتەکان ئەکات بۆ پرسیان پێ ئەکات یان گفتوگۆیان ئەکات یان بەلگەیان بۆ دێنێتەوە و (قناعەتیان) پێ ئەکا، ئایا ئەوە نیشانەی ئەوە نیە کە مەلایکەتەکان (موقنیع) نین بەم کارەی خودا؟ بۆیە خودا ئەکەوێتە قناعەت پێهێنانیان،وەک لێرەدا دەبینین (خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد، ئەوسا هەموو شتەکانی لەبەر فریشتەکان ڕانا و گوتی: ئەگەر راستی بۆ چوون، ناوی ئەوانەم بۆ هەلدەن. بە ئاشکرا دیارە کە خودا لێرە مەلایکەتەکان تاقی دەکاتەوە، بەوەی کە ئایا ئەتوانن ناوی شتەکان بە خودا بلێن، بۆ ئەمە ئەکات؟ سەیرە، خۆ خودا بێ گومانە کە مەلایکەتەکان نایزانن، ئەی بۆ ئەیکات، ئەگەر بۆ قناعەت پێهێنانی مەلایکەتەکان نەبێت؟ بەلام خودا بۆ قناعەتی مەلایکەتەکانی بەلاوە گرینگە؟ بۆ ئەبێ ئادەم بێنێ و هەموو ناوەکانی فێر بکات و ئەم ناوانە فێری مەلایکەتەکان نەکات؟ جا خۆ گومانی تیا نیە کە مەلایکەتەکان فێر نەکرابن خودا خۆی ناوەکانی فێری مەلایکەتەکان نەکردبێ، ئەوا مەلایکەتەکان ناوەکان

نازانن، خۆ بە بەردەوام مەلایکەتەکان ئەوە ئەڵێن کە ئەوەی تۆ واتە (خودا) خۆت فێرت نەکردبین ئێمە نایزانین.
خودا ئەلێرە جیاوازی ئەخاتە نێوان ئادەم و مەلایکەتەکان، چۆن؟ هەموو ناوەکان فێری ئادەم ئەکات بەلام ناوەکان فێری مەلایکەتەکان ناکات، بەم شێوەیەش ئادەم کە فێرکراوە بێ گومان سەرکەوتوو ئەبێت و ئەتوانێ ناوەکان بژمێرێت، بەلام مەلایکەتەکان کە فێر نەکراون چۆن بزانن؟ ئایا ئەوە تاقیکردنەوەیەکی نادروست نیە کە مەلایکەتەکان بەبێ فێرکردن پرسیاریان لێبکرێت؟؟ یان وەک باسمان کرد مەبەست تەنها ئەوەیە کە قناعەت بە مەلایکەتەکان بێنێت، ئەوەتە مەلایکەتەکان ناچار ئەبن کە بە خودا بلێن ( هەر تۆی لە کەمایەتی بە دووری، ئێمە بەدەر لەوەی کە تۆ فێرت کردوین، هیچ نازانین. هەر بۆ خۆت زانای کارزانی) .
لەگەل ئەوەش خودا وازناهێنێ، ئەوا مەلایکەتەکان پێی ئەلێن ئێمە هیچ نازانین هەر بە خۆت زانای کارزانی کەچی ئەو بە ئادەم ئەلێ (ئەی ئادەم دەسا تۆ ناوی هەموو ئەوانەیان بۆ هەڵبدە) جا بێ گومان ئادەم ناوەکان ئەزانێت، ئەی ئەوە نیە خۆی فێری کردووە، کەواتە توانا و زیرەکی ئادەم لە چی دایە، خودا خۆی فێری ناوەکانی کردوە و ئەویش بۆ مەلایکەتەکانی هەڵئەدات، جا تۆ بڵێیت مەلایکەتەکان ئەوە نەزانن کە خودا ئادەمی فێرکردوە؟ بۆیە ئادەم ناوەکان ئەزانێت، بەلام وا دیارە مەلایکەتەکان هەر بە گومانن لە خودا بۆیە خودا وازناهێنێ و بەو قسەی مەلایکەتەکان دەست هەلناگرێت و ناوەکان بە ئادەم هەڵئەدات و روو لە مەلایکەتەکان ئەکاتەوە و پێیان ئەڵێت (من بە ئێوەم نەووت کە هەر خۆمم هەر نهێنی لە عاسمانان و زەمین دان و هەرچی ئێوە وەیشێرن و بیدرکێنن دەیزانم؟ ) ئەوە مانای ئەوەیە کە پێشتریش خودا ئەم شتانەی بە مەلایکەتەکان گوتووە بۆیە ئێستا بە پرسیار کردن پێیان ئەلێتەوە ئەی من بە ئێوەم نەووت، بەلام دیارە مەلایکەتەکان تەواو باوریان بەو قسەیەی خودا نەبووە بۆیە خودا ناچار ئەبێت کە بە شێوازی تر باوڕ بە مەلایکەتەکان بێنێت و بۆیان بسەلمێنێت کە ئەو (خودا) هەموو شت ئەزانێت. ئەمەش هەمان شت ئەمانگەڕێنتەوە سەر ئەوەی کە بپرسین ئەو هەموو و گومان و درەنگ باوڕهێنانەی مەلایکەتەکان لەچی؟؟؟؟ یان ئەو هەموو گرینگیدانەی خودا بۆ باوڕهێنانی مەلایکەتەکان لەچی؟؟؟؟ یان ئەگەر مەلایکەتەکان ئەو هەمووەیان ویستبێت تا باوڕیان هێناوە، ئەی ئێمەی مرۆڤ ئەبێ چەندمان بوێت؟؟؟؟ کەچی ئیسلامەکان دێن داوامان لێ ئەکەن کە بەبێ پرسیارکردن و بەبێ بەلگە داواکردن هەر یەکسەر رستەوخۆ ئەبێ باوڕ بێنین!!!!
جا ئەگەر بێینە سەر کەمێک بەراورد کردن لە نێوان ئایەتەکانی سورەتی (ص) و ئایەتەکانی سورەتی البەقەرە، ئەوا ئەبینین، خودا لە سورەتی (ص) خودا بەبێ گفتوگۆ بەر لەوەی کە مەلایکەتەکان هیچ بلێن داوای ئەوەیان لێ ئەکات کە هەر گا لە گیانی خۆم فووم تیا کرد ئێوە سوژدەی بۆ بەرن، کەچی لە ئایەتەکانی البەقەرە خودا گفتوگۆ لەگەل مەلایکەتەکان ئەکات و مەلایکەتەکان وولامی خودا ئەدەنەوە و ئەوەی بەبیر دێنەوە کە ئەو بریکارەی ئەو خراپە ئەکات، دوایی خودا بە چەند شێوەیەک ئەیەوێت کە بۆ مەلایکەتەکان بیسەلمێنێت کە ئەوەی ئەو ئەیکات مەلایکەتەکان نایزانن لێی بێ ئاگان، دوایی کە مەلایکەتەکان باوڕ دەهێنن و ئەلێن تۆ خۆت هەموو شت ئەزانیت و ئێمە هەر ئەوەندە ئەزانین کە تۆ فێرت کردوین، ئینجا دوای ئەوە خودا دێ داوا لە مەلایکەتەکان ئەکات کە سوژدە بۆ ئادەم بەرن، ئەو کات مەلایکەتەکان هەر هەموویان سوژدە ئەبەن چگە لە شەیتان، ئەوە جیاوازی نێوان ئایەتەکانی سورەتی (ص) و سورەتی البەقەرە، کە لە لایەک خودا بەبێ گفتوگۆ سەلماندن داوا لە مەلایکەتەکان ئەکات کە سوژدە بەرن بۆ ئادەم لە لایەکیتردا دوای گفتوگۆ و سەلماندن داوا لە مەلایکەتەکان ئەکات کە سوژدە بۆ ئادەم بەرن..
بە هەمان شێوە جارێکیتر جیاوازی نێوان ئایەتەکانی سورەتی (ص) و سورەتی البقرە دەرئەکەوێت، ئەویش بەوەی کە بینیمان چ گفتوگۆ و مشت ومڕێک لە نێوان خودا و شەیتان لە سورەتی (ص) هاتە پێشەوە، کەچی ئەلێرە خودا بەبێ هیچ پرسیار و لێپرسینەوەیەک بەبێ هیچ قسەکردنێک لەگەل شەیتان، فەرمان بە ئادەم ئەدات کە لە بەهەشت لەگەل ژنەکەی نیشتەجێ ببێت، سەیرە ئەلێرە شەیتان سوژدە

نابات و نوقە ناكات هیچ قسەیەک ناكات، خوداش هیچ پرسیارێكی لێ ناكات، بەلام لە سورەتی (ص) دوای ئەوەی كە خودا فەرمانی سوژدە بردن بۆ ئادەم ئەدات و شەیتان ئەم فەرمانە رەت ئەكاتەوە، خودا روو لە شەیتان ئەكات و پرسیاری لێ ئەكات، ئەیەوێ بزانێ كە بۆ شەیتان ئامادە نیە سوژدە بۆ دەسكردی خودا ببات، شەیتانیش وولام ئەداتەوە و گفتوگۆ لە نێوان خودا و شەیتان دروست ئەبێت، بەلام لە ئایەتەكانی سورەتی البقرە هیچ جۆرە قسە و باس و پرسیار و گفتوگۆ لە نێوان خودا و شەیتان دروست نابێت، بەلكو یەكسەر فرمان بە ئادەم ئەدرێت كە خۆیی و ژنەكەی لە بەهەشت نیشتەجێ بن،

ئەوەی لە هەمووی سەیرترە ئەوەیە كە ئێمە لە ئایەتی (٣٠) سورەتی البقرە، خودا ئەلێ من دەمەوێ بریكاری خۆم بنێرمە سەر زەوی، كەچی لە ئایەتی (٣٥) خودا فەرمان بە ئادەم ئەدات كە خۆیی و ژنەكەی لە بەهەشت نیشتەجێ ببن، ئەمە چۆنە لە لایەک ئایەتی (٣٠) كە پێش ئایەتی (٣٥)ە، خودا ئەلێ دەمەوێ بریكاری خۆم بنێرمە سەر زەوی، ئەوە بەر لەوەیە كە داوا لە مەلایكەت و شەیتان كرابێت كە سوژدە بۆ ئادەم بەرن،كەچی دوای ئەوەی كە مەلایكەتەكان سوژدە ئەبەن و شەیتان یاخی ئەبێت، خودا بڕیاری خۆی ئەگۆڕێت، ئادەم و حەوا واتە بریكارەكەی خۆی بۆ سەر زەوی نانێرێت، بەلكو فەرمانی نیشتەجێ بوونی لە بەهەشت پێ ئەدات.

خودا رێگای بە ئادەم دا كە هەموو شتێک لە بەهەشت ئەتوانێت بخوات تەنها ئەو دارە نەبێت كە خودا قەدەغەی كرد، جارێ دەبی بپرسین بزانین بۆ ئەو دارەی لە ئادەم و حەوا قەدەغەكرد، هیچ هۆكارێكمان پێ نادات،مەگەر جارێكیتر بێین بلێین بۆ تاقیكردنەوە بووە، بەلام بۆ ئەو تاقیكردنەوە، ئایا مرۆڤ لە بەهەشتیش تاقی ئەكرێتەوە؟؟؟؟؟؟؟؟؟ جا ئەگەر وا بێت كێ ئەلێ دوای رۆژی سولا (قیامەت) كە خودا باوڕدارەكان ئەخاتە بەهەشت جارێكیتر تاقیان ناكاتەوە و كێ دەلێ مرۆڤەكان هەلە ناكەنەوە و جارێكیتر سزا نادرێنەوە و رەوانەی سەر زەوی ناكرێنەوە ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

دوای ئەوە ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، چوونی شەیتانە بۆ بەهەشت و فریوو دانی ئادەم، دە ئاخر چۆن ئەكرێت شەیتانێک كە نەفرەتی لێ كرابێت، كەچی دوایی بتوانێ بچێتە بەهەشت، دە ئاخر بەهەشت ئەلێن تەنها جێگای ئەو كەسە پاكانەیە كە بە تەواوەتی ملكەچی فەرمانەكانی خودان، نەوەک شەیتانێک كە یاخی ئەبێت و فەرمانی خودا بەجێ ناهێنێ، خودا نەفرەتی لێ ئەكات، كەچی دوایی ئەم شەیتانە نەفرەت لێكراوە ئەتوانێ بچێتە بەهەشت، چۆنی توانی؟؟ پێتان وایە بە بێ ئاگایی خودا ئەم شەیتانە توانیبێتی بچێتە بەهەشت؟؟؟ یان خودا ئاگادار بووە و خۆی كڕ كردوە؟؟؟ هەر دوو پرسیار بێ وولامن، چونكە وولامێكی لە جێ نیە كە شەیتان بتوانێ لە پشت خودا بچێتە بەهەشت، وە ئەوەی كە ئیسلام و قورئان فێرمان ئەكات بە وەی كە بەهەشت تەنها جێگای پاكەكانە خوداش خۆی بێ دەنگ بكات لە چوونە ژووری پیسێكی وەک شەیتان بۆ ئەم شوێنە پاک و پیرۆزە، ئایا ئەكرێ بلێین بەهەشت پیرۆز نیە؟؟؟؟

شەیتان سەرەڕای ئەوەی كە چۆتە بەهەشت دوای ئەوەی كە نەفرەتی خوداشی لێ كراوە، لە بەهەشت فێلی كردوە، ئادەم و حەوای خەلەتاندووە، دە ئاخر چۆن ئەبێ لە بەهەشت فێل بكرێت؟؟؟؟ چۆن ئەكرێ لە بەهەشت درۆ بكرێت؟ چۆن ئەكرێت لە بەهەشت هەلە بكرێت؟؟؟؟

ئەمە چ بەهەشتێكە كە شەیتانێكی نەفرەت لێكراو بتوانێ بچێتە ناوی؟؟؟ درۆی تیا بكات؟؟؟؟ فێلی تیا بكات؟؟؟ فریوودانی تیا بكات؟؟؟ لە هەمان كاتدا چۆن ئەكرێت ئادەم و حەوا لە بەهەشت فریوو بخۆن؟؟؟؟ هەلەبكەن؟؟؟؟؟

ئەمانە و گەلێک پرسیاریتر كە پێویستە بخرێنە روو، پێویستە هەموومان بە یەكەوە بە دوای وولامەكاندا بگەڕێین.